سەرۆک وەزیران پیرەزبایی لە سیسی دەکات



سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پیرەزبایی لە سەرۆکی میسر عەبدول فەتاح سیسی کرد بە بۆنەی بردنەوەی خولێکی نوێی سەرۆکایەتی. نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە" لە پەیوندییە تەلەفۆنییەکیدا لەگەڵ سەرۆکی میسر کە ئەوارەی دوێنێ سەشەممە ئینجامدرا، سودانی بە ناوی حکومەت و گەلی عێراقەوە هیوای سەقامگیری و گەشەکردن و پێشکەوتنی بە میسر و گەلەکەی خواست. لە لای خۆیەوە، سەرۆک سیسی پیرەزبایی لەسودانی و گەلی عێراق کرد بۆبۆنەی سەرکەوتنی جۆبجۆکردنی هەڵبژاردنەکانی ئینجومەنی پارێزگاکان و وەک هەنگاوێکی دەستووری و دیموکراسی ناوی برد کە سەقامگیری سیاسی لە وڵاتەکەدا پتەوتر دەکات. هەروەها لە پەیوندییە تەلەفۆنییەکەدا تاوتوێی سەرجەم پەیوندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی برا کرا لەگەڵ گرنگترین دەسیە و پێشهاتەکانی ناوچەکە، بەتایبەتی هەرشە دژ بە گەلی فەڵەستین و هەوڵەکانی فریاگوزاری بە پێنابەران و زیان لێکەوتوکان و ئاگربەست و پێویستی بەردەوامبوونی هەماهەنگی و هاوڕێکردن لەسەر پێشهاتەکانی ئەو بەتایبەت لە نێوان وڵاتانی عەڕەبی و ئیسلامیدا.